# رۆژنامەنوسیی لۆکاڵی لە باشوری کوردستاندا
## ( ناوەندی قەزای رانیە/ ١٩٩١ – ٢٠١٥ بە نمونە )

پ. ی. د. هێرش رەسوڵ موراد
زانکۆی راپەڕین
یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی راپەڕین
بۆ کاروباری خوێندکاران

م. ی. ئاراز رەمەزان ئەحمەد
زانکۆی راپەڕین
بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و راگەیاندن

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بابەتێك تاوتوێدەکات کە تا ئێستا لە کەمترین ئاستی خۆیدا توێژەران لە توێژینەوەکانیاندا دەستیان بۆ نەبردوە و بایەخیان پێنەداوە. ئەو بابەتەش (رۆژنامەنوسیی لۆکاڵی)یە، ئەگەرچی لە هەندێك کاتی مێژوییدا ئامادەبونێکی بەرچاوی هەبوە، هەروەك لە ئازاری ١٩٩١دا رویدا.

هاوکات بایەخی سەرەکیی توێژینەوەکەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی تاوتوێکردنی یەکێك لەو رۆژنامەنوسییە لۆکاڵییانە، واتە (تاوتوێکردنی رۆژنامەنوسی لە قەزای رانیە)دا، کە لە ئازاری ساڵی ١٩٩١دا سەرەتایەکی باشی راگەیاندن و رۆژنامەنوسی لێوە دەستپێکرا و توێژەرانی کوردیش کەمتەرخەمبون بەرانبەری.

کێشەی توێژینەوەکەش، توێژەران لە رێگەی پێشکەشکردنی دو پرسیارەوە نمایشیانکردوە، کەبریتین لە:

أ. ژمارەو رێژەی ئەو چاپکراوە خولەکییانەی کە لە ماوەی ٢٥ ساڵی دوای راپەڕیندا (١٩٩١ – ٢٠١٥) لەناو رانیە دەرچوێنراون، چەندن؟

ب. رۆژنامەنوسیی لە رانیە لەماوەی دیاریکراودا، و بەپێی (جۆر، خاوەندارێتی، ساڵی دەرچون، کاتی دەرچون، ژمارەی دەرچون، تایبەتمەندی، جۆری پسپۆڕی، لایەنی هونەری و چاپ و نەخشەسازی، رادەی بەردەوامبون)ی چاپکراوە خولەکییەکە لەچ ئاستێکدایە؟

هەروا ئامانجی توێژینەوەکە، خۆی لە دو خاڵدا دەدۆزێتەوە، کە ئەمانەن:

أ. زانینی ژمارە و رێژەی ئەو چاپکراوە خولەکییانەی کە لە ماوەی ٢٥ ساڵی دوای راپەڕیندا (١٩٩١ – ٢٠١٥) لەناو رانیە دەرچوێنراون.

ب. ئاشکراکردنی ئاستی رۆژنامەنوسیی لەرانیە لەماوەی دیاریکراودا، و بەپێی (جۆر، خاوەندارێتی، ساڵی دەرچون، کاتی دەرچون، ژمارەی دەرچون، تایبەتمەندی، جۆری پسپۆڕی، لایەنی هونەری و چاپ و نەخشەسازی، رادەی بەردەوامبون)ی چاپکراوە خولەکییەکە.

ئەم توێژینەوەیە لە روی جۆرەوە لەریزی (توێژینەوە وەسفییەکان) هەژماردەکرێت، و لایەنە پراکتیکییەکەشی لە رێی رێبازی ناخشیکاری (تحلیل المضمون) یەوە ئەنجامدراوە، بۆئەوەی توێژەران لەو رێگەیەوە یەکە و دەستە دیاریکراوەکان شرۆڤە بکەن.

هەروەك پەیکەری گشتیی توێژینەوەکەش، جگە لە پێشەکی، لەم باسو تەوەرانە پێکهاتوە:

**یەکەم: رێبازنامە:**

لەم باسەدا توێژەران هەوڵیانداوە لە چەند تەوەرێکدا ڕونکردنەوی پێویست لەوبارەیەوە بخەنەڕو، تەوەرەکانیش بریتین لە: (بایەخی توێژینەوەکە، کێشەی توێژینەوەکە، ئامانجی توێژینەوەکە، جۆروڕێبازی توێژینەوەکە، بوارەکانی توێژینەوەکە، ڕواڵەتەڕاستی، جێگیری، ئامارشیکاریی بەکارهاتو، چەمك و زاراوەکان).

**دوەم: تیۆرینامە:**

لێرەدا بە شێوەیەکی تیۆری و بە گەڕانەوە بۆ چەند سەرچاوەیەکی زانستی، تیشکخراوەتەسەر چەند لایەنێکی پەیوەست بە بابەتی سەرەکیی توێژینەوەکە: (ڕۆژنامەنوسیی لۆکاڵی لە باشوری کوردستاندا، سەرەتاکانی ڕۆژنامەنوسی لە ڕانیە دا، ڕۆڵە پێشەنگییەکانی ڕانیە لە بزاڤی ڕۆژنامەنوسیی دوای ڕاپەڕیندا).

**سێیەم: لایەنی پراکتیکی**

ئەمەش دوا باسەو تایبەتە بە لایەنی پراکتیکی، کە چەند تەوەرێك دەگرێتەوە: (کورتەیەك دەربارەی سامپڵی توێژینەوەکە، دەستنیشانکردنی یەکە و دەستەکانی شیکارییەکە، ئەنجامی ناخشیکارییەکە).

**چوارەم: کۆتایی:**

لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا، (دەرەنجامەکان) هاتون، کە دیارترینیان بریتین لە:

أ. لە ڕوی چەندێتییەوە چاپکراوی خولەکیی ناوەندی قەزای ڕانیە بە بەراورد بە چارەگە سەدەیەك (٢٥ ساڵ) لە ئاستی پێویستو چاوەڕوانیدا نین، و بە تێکڕا هەر ساڵێك کەمێك زیاتر لە سێ چاپکراوی بەردەکەوێت، بەڵام بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی خراپی سیاسیو ئابوریی کوردستانو لە بەرامبەر بزاڤی ڕۆژنامەنوسیی قەزاو ناحیەکانی تری کوردستان ڕەنگە ژمارەکە کەم نەبێت.

ب. زۆرینەی چاپکراوە خولەکییەکانی ناوەندی قەزای ڕانیە دەچنە خانەی (بڵاوکراوە)وە، ئەمەش بۆ کەمئەزمونیو ناپیشەییبونو کاریگەریی لایەنی دارایی دەگەڕێتەوە.

**پێشەکی:**

بەو پێیەی ڕاگەیاندن بە یەکێك لە بوارە گرنگەکانی ژیان و کۆمەڵ هەژماردەکرێت، ڕاگەیاندنی نوسراویش، یان ڕۆژنامەنوسی کە خۆی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپکراوی خولەکییدا دەبینێتەوە، یەکێکە لە جۆرو تەرزە دێرینو کاریگەرەکانی، و لەگەڵ بەرەوپێشچونە خێراکانی زانست و تەکنەلۆژیا و هاتنەئارای ئامرازی نوێچەشنیش، بەڵام هێشتا بایەخی خۆی لەدەستنەداوە. ئەمە بۆ ئێستا، بەڵام ئەگەر بۆ چارەگە سەدەیەك پێش ئەمڕۆش بگەڕێینەوە، دەبینین لە فۆرمو جۆری جیاجیادا ئەرکگەلی جیاوازی ڕاپەڕاندوە، یەکێك لەو جۆرانەش لە ڕوی جوگرافیاوەیە، کە (ڕۆژنامەنوسیی لۆکاڵی)یە.

ڕۆژنامەنوسیی کوردییش، لە تەمەنی زیاتر لە سەدەیەکی خۆیدا، کە بە چەندین هەورازو نشێو تێپەڕیوە، و قۆناغی جیاوازی بڕیوە، (ڕۆژنامەنوسیی لۆکاڵی) یەکێك بوە لە جۆرە دیارەکانی، و لە ساتەوەختی خۆیدا ڕۆڵو کاریگەرێتیی خۆی هەبوە.

لە سۆنگەی بایەخی بواری ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەنوسی، و پێگەی ڕۆژنامەنوسیی لۆکاڵی لە ڕۆژنامەنوسیی کوردیدا، ئەم توێژینەوەیە دەربارەی ڕۆژنامەنوسیی قەزایەکی باشوری کوردستانە(*)، کەوا ژمارەیەك چاپکراوی خولەکی بە جۆرو

* هۆکاری بەکارهێنانی دەستەواژەی (باشوری کوردستان) لە بری (هەرێمی کوردستان) لێرەدا، وێڕای واقیعییەتی دەستەواژەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تاکو ئەنجامدانی یەکەمین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان (پارلەمان) لە (١٩٩٢/٥/١٩)، و پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە

سروشتو تایبەتمەندیی جیاوازەوە لێدەرچون، بۆیە دوای ماوەیەکی زەمەنی پێویستییان بە تاوتوێکردنو لێتوێژینەوەیە.

**باسی یەکەم: ڕێبازنامە**

**بایەخی توێژینەوەکە:**

پاش ڕاپەڕینی پێنجی ئازاری ١٩٩١ی خەڵکی باشوری کوردستان (کوردستانی بندەستی عیراق) بەرامبەر ڕژێمی داگیرکاری بەعس، دەروازەیەکی نویێ بە ڕوی زۆر بواری جیاوازی کۆمەڵی کوردی لەو بەشەی کوردستاندا کرایەوە و گەشەی بەرچاو لە زۆربەی بوارەکاندا بەدیکرا، یەکێك لەوانەش بواری ڕۆژنامەنوسی (ڕاگەیاندنی نوسراو) بو، کە چ لە لایەنی چەندێتی و چ لە لایەنی چۆنێتییەوە تائەندازەیەکی دیار بەرەوپێشەوە ڕۆیشت. بۆیە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی دەربارەی ئەوجۆرەی ڕاگەیاندن لە گۆشە و ڕەهەندی جیاوازەوە دەربارەی، بەجێهێنانی ئەرکێکی گرنگی ئەکادیمییە.

بە بڕوای توێژەران، لێتوێژینەوەی ڕۆژنامەنوسیی بەدەر لە شارە گەورەکان (قەزا و ناحیەکان)، کەوا کەمتر کاری زانستییان سەبارەت کراوە، بایەخ و سودی تایبەتی هەیە. لەو نێوانەشدا، قەزای ڕانیە، کە لە ئازاری ساڵی ١٩٩١دا هاوکات لەگەڵ ئەوەی بوە دەروازەی ڕاپەڕینی جەماوەری، سەرەتایەکی باشی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسییشی لێوە دەستپێکرا.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕۆڵ و کاریگەرێتیی ناوەندی قەزای ڕانیە لە ڕەوتی ڕۆژنامەنوسیی کوردی لە باشوری کوردستاندا، ئەویش لە ڕێی خستنەڕوی ئەم پرسیارانەی خوارەوەوە:

١. ژمارە و ڕێژەی ئەو چاپکراوە خولەکییانەی کە لە ماوەی ٢٥ ساڵی دوای ڕاپەڕیندا (١٩٩١ – ٢٠١٥) لە ناو ڕانیە دەرچوێنراون، چەندن؟

٢. ڕۆژنامەنوسیی لە ڕانیە لە ماوەی دیاریکراودا، و بە پێی (جۆر، خاوەندارێتی، ساڵی دەرچون، کاتی دەرچون، ژمارەی دەرچون، تایبەتمەندی، جۆری پسپۆڕی، لایەنی هونەریو چاپو نەخشەسازی، ڕادەی بەردەوامبون)ی چاپکراوە خولەکییەکە لە چ ئاستێکدایە؟

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

بە مەبەستی گەیشتن بە دەرەنجامگەلێکی ورد، توێژەران ئەم ئامانجانەیان دەستنیشانکردون:

١. زانینی ژمارە و ڕێژەی ئەو چاپکراوە خولەکییانەی کە لە ماوەی ٢٥ ساڵی دوای ڕاپەڕیندا (١٩٩١ – ٢٠١٥) لە ناو ڕانیە دەرچوێنراون.

٢. ئاشکراکردنی ئاستی ڕۆژنامەنوسیی لە ڕانیە لە ماوەی دیاریکراودا، و بە پێی (جۆر، خاوەندارێتی، ساڵی دەرچون، کاتی دەرچون، ژمارەی دەرچون، تایبەتمەندی، جۆری پسپۆڕی، لایەنی هونەریو چاپو نەخشەسازی، ڕادەی بەردەوامبون)ی چاپکراوە خولەکییەکە.

**جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە:**

(١٩٩٢/٧/٤)، و ڕاگەیاندنی فیدراڵی لە (١٩٩٢/١٠/٤) جوگرافیایەك بە ناوی (هەرێمی کوردستان) لە ئارادانەبو، کە ماوەی ئەم توێژینەوەیەش دەکەوێتە پێش ئەو ڕێکەوتەوە.

ئەم توێژینەوەیە لە روی جۆرەوە لە ریزی (توێژینەوە وەسفییەکان) هەژماردەکرێت، و لایەنە مەیدانییەکەشی لە ڕێی (ڕێبازی ناخشیکاری) یەوە ئەنجامدراوە، بۆ ئەوەی توێژەران لەو ڕێگەیەوە یەکە و دەستە دیاریکراوەکان شرۆڤەبکەن.

**بواری توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە سێ بواری وەرگرتوە:

أ. بواری شوێن: لە نێو ڕۆژنامەنوسیی کوردیی باشوری کوردستاندا، توێژەران ڕۆژنامەنوسیی ناوەندی قەزای ڕانیەیان وەك سامپڵ هەڵبژاردوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە:

– لەگەڵ سەرکەوتنی ڕاپەڕیندا بزاڤێکی دیاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسی لەو قەزایەدا هاتۆتەکایەوە و ژمارەیەکی دیار لە چاپکراوە خولەکیی لێ دەرچوێنراوە.

– نەبونی توێژینەوەیەکی زانستی دەربارەی ڕۆژنامەنوسی لە قەزای ڕانیەدا.

ب. بواری کات: ماوەی ٢٥ ساڵی دوای ڕاپەڕین (١٩٩١ – ٢٠١٥) وەرگیراوە، ئەمەش لە خۆیدا چەند قۆناغێکی جیاواز لە خۆدەگرێت: (قۆناغی بەرەی کوردستانی، قۆناغی پێکهێنانی حکومەت، قۆناغی شەڕی ناوخۆ، قۆناغی نەشەڕ نە ئاشتی، قۆناغی هاتنەکایەی ڕۆژنامەی ئەهلی، قۆناغی پاش روخاندنی ڕژێمی بەعس، قۆناغی کابینەی یەکگرتوی حکومەتی هەرێم، ...).

ج. بواری بابەتی: کۆی جۆرەکانی ڕۆژنامەنوسیی نوسراو لە قەزای ڕانیە دەگرێتەوە بە ئاستو ئاراستەو تایبەتمەندییەکانییانەوە.

**ڕواڵەتەڕاستی:**

بە مەبەستی دڵنیابون لە ڕێکوپێکیی ناخشیکارییەکەو گونجانی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەدا، و دوای ئامادەکردنی بڕگەکانی ناخشیکارییەکە، بە پشتبەستن بە ڕواڵەتەڕاستی (الصدق الظاهري)، لەلایەن ژمارەیەك (پسپۆڕ)[*]ەوە هەڵسەنگێنرا، پاشان سەرنجەکانیان تاوتوێکرا، و بەپێی پێویستو گونجان گۆڕانکارییان تێدا کرا، و لە ڕێگەی بەکارهێنانی هاوکێشەی (هۆڵستی)ەوە ڕادەی ڕاستییەکە دەرهێنرا، کە بریتییە لە (٩٤.٧٧٪)، کەوا لە روی زانستییەوە ڕێژەیەکی پەسەندکراوە.

**جێگیری:**

بۆ دیاریکردنی ئاستی جێگیری (الثبات)ی ناخشیکارییەکەش لە ڕێگەی کاتەوە، بە شێوازی دوبارەکردنەوەو بە پشتبەستن بە هاوکێشەی (هۆڵستی)، توێژەران گەیشتنە ئەوەی کە ڕێژەکەی بریتییە لە (٩٧٪)، کەوا لە روی زانستییەوە ڕێژەیەکی پەسەندکراوە.

**ئامارشیکاریی بەکارهاتو:**

توێژەران کردەیەکی ژمێرەیی سادەیان بەکارهێناوە، کە خۆی لە دوبارەبونەوەو ڕێژەی سەدی دا دەبینێتەوە، کەوا خشتەکانی ئامار بە پێی یەکەو دەستەو دوبارەبونەوەو ڕێژەی سەدییان ڕێکخراون.

[*] ئەم پسپۆڕانە بون:

١. پ. ی. د. فوئاد عەلی ئەحمەد، پسپۆڕ لە بواری گەیاندنی سیاسیدا، سکوڵی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٢. پ. ی. د. هێمن مەجید حەسەن، پسپۆڕ لە بواری بەرنامەکانی تەلەڤزیۆندا، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

٣. د. لانە صابر قەرەداغی، پسپۆڕ لە بواری پەیوەندییە گشتییەکاندا، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

**چەمك و زاراوەكان:**

* ڕۆژنامەنوسی: تەرزێکی گەیاندنە، بریتییە لە چاپکراوی خولەکی (ڕۆژنامە، گۆڤار، بڵاوکراوە) کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو، لە کاتێکی دیاریکراو و لەلایەن ستافێکی دیاریکراوەوە دەردەچوێنرێت.

* ڕۆژنامەی کاغەزی: چاپکراوێکە بە گشتی ڕۆژانە، هەفتانە یان لە کاتێکی خولەکیی دیاریکراودا دەردەچێت، و تێیدا هەواڵ، بیروڕا، زانیاری نوێ و ڕێکلام بڵاودەکاتەوە[١].

* گۆڤار: بڵاوکراوەیەکی خولەکییە بەپێی کات و هەفتانە، مانگانە یان وەرزانە چاپدەکرێت، هەروا وتارو زانیاری بڵاودەکاتەوە دەبارەی بابەتێکی تایبەتمەند، یان بابەتی هەمەڕەنگو هەمەجۆر[٢].

* بڵاوکراوە: ئەو چاپکراوە خولەکییەیە، کە نە ڕۆژنامەیەو نە گۆڤار، بەڵکو لە هەردوکیانەوە نزیکەو لە ڕوی سروشتو تایبەتمەندییەوە تاڕادەیەك دەکەوێتە نێوانییانەوە.

* ڕۆژنامەنوسیی لۆکاڵی: ئەو ڕاگەیاندنە نوسراوەیە کە چوارچێوەی پەخشو بڵاوبونەوەکەی پێگەیەکی جوگرافیایی بچوکە، واتە لەسەر ئاستی گوندێك، گەڕەکێك، ناحیەیەك، قەزایەك، یان شارێکە، و ڕۆژنامەنوسیی ناوخۆیە، وەکچۆن لە بەرامبەردا ڕۆژنامەنوسیی نیشتمانیو ڕۆژنامەنوسیی نێودەوڵەتی هەیە.

* باشوری کوردستان: ئەو پارچەیەی کوردستانی گەورەیە، کەوا لە قۆناغە جیاوازەکاندا خراوەتە ژێر حکومڕانیی دەوڵەتی عوسمانیو حکومەتەکانی عیراق، و دابەشو داگیرکراوە.

* ڕانیە: یەکێکە لە قەزا گەورەکانی باشوری کوردستان، کە مێژوی بەقەزابونی بۆ سەردەمی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە لە (١٧٨٩ز)، لە ڕوی جوگرافیاییەوە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی شاری سلێمانیو (١٣٠) کم لەو پارێزگایەوە دورە، لە ڕوی کارگێڕییەوە سەر بە پارێزگای سلێمانییەو چوار ناحیەی هەیە، سەنتەری ناوچەی بیتوێنە، ماوەی چەند ساڵێکیشە بوەتە سەنتەری ئیدارەی ڕاپەڕین، وەك سەرەتایەك بۆ بەپارێزگابون.

**باسی دووەم: تیۆرینامە**

**ڕۆژنامەنوسیی لۆکاڵی لە باشوری کوردستاندا**

لە دوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ ڕۆژنامەنوسیی کوردی لە باشوری کوردستاندا پێینایە قۆناغێکی نوێی تەمەنییەوە، قۆناغێك کە هەر لە سەرەتاو، و لە ڕوی چەندێتیو چۆنێتییەوە خۆی جیاکردەوە، هەروەك لەو ماوە کەمەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە بە ناو و جۆرو سروشتو تایبەتمەندێتیی جیاوازەوە، و لە تەواوی ناوچەو شارو شارۆچکەکاندا دەرچوێنران.

کەواتە یەکێك لە سیما دیارەکانی ڕۆژنامەنوسیی کوردیی پاش ڕاپەڕین بریتییە لە ڕۆژنامەنوسیی لۆکاڵی، یان ڕۆژنامەنوسیی قەزاو ناحیەکان، "ئەگەر سەیری هێڵی بەیانیی ئەو بوارە بکەین ئەویش کێرڤی بەرزبۆتەوە، و شتی

---

[١] دەستەی نووسەرانی بریتانیکا، ئینسکلۆپیدیای بریتانیکا، (٢٠١٤)، نوسخەی ئەلکترۆنی، چاپنەکراو، ل١، لەم لینکە وەرگیراوە: http://www.britannica.com/topic/newspaper

[٢] هەمان سەرچاوە، ل١.

دیاریان چاپو بڵاوکردۆتەوە، کە یان لە شێوەی بڵاوکراوەدا خۆیان نواندوە، یان لە شێوەی گۆڤاردا، یاخود ناوە ناوەش ناوی ڕۆژنامەیان بەبەردا کراوە"[٣].

بە شێوەیەکی گشتی، ناتوانین ڕۆژنامەنوسیی لۆکاڵیی دوای ڕاپەڕین دابڕاو لە ڕەوشی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، یاسایی تەماشابکەین، بۆیە ئەو ڕۆژنامەنوسییەش بە پێی پێشهاتە جیاوازەکان بەردەوام لە گۆڕانکاریدا بوە.

سەبارەت بە سیماو تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕۆژنامەنوسییەش بە تایبەت لە ساڵانی سەرەتای ڕاپەڕیندا، نەوزاد عەلی ئەحمەد لە وتاری (ڕۆژنامەنووسیی کوردی بەدەر لە شارە گەورەکان)دا ئاماژەی بە ١٦ خاڵ کردوە، لەوانە[٤]: قەبارەیان بچوك بوە، زیاتر تایپی ئاسایی بەکارهاتوە، لەروی نەخشەسازییەوە سادە بونو ژمارەی لاپەڕەشیان زۆر نەبون، تەمەنیان کورت بوە، هونەری ڕۆژنامەنوسییان کەم تێدا بەکارهاتوە..

**سەرەتاکانی ڕۆژنامەنوسی لە ڕانیە دا**

ئەگەرچی سیاسەتی دەوڵەتو حکومەتە یەکلەدوایەکەکان کە حوکمداری ناوچەکەو عیراق بون، یان باشوری کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە هەمیشە بە ئاراستەی وەستانەوە دژی هەر پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریو ڕۆشنگەریو هۆشیارکردنەوە بون، بۆیە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمو بە درێژایی سەدەی بیستەمدا، بە گشتی لە هەمو ناوچەو شارو شارۆچکەکانی ئەو پارچەیەی کوردستاندا هەمیشە ئاستەنگی فرە لەبەردەم هاتنەکایەی ڕۆژنامەنوسیو گەشەکردنی دانراوە، بە تایبەت لە ناوچە کەنارگیرەکان (قەزاو ناحیەکان)، کە لە روی خوێندنو پەروەردەشەوە تاڕادەیەکی زۆر مەبەستدارانە فەرامۆشکرابون، بەڵام بە هۆی کاریگەریی جوڵانەوەی سیاسیو بە ڕۆڵو کاریگەریی مامۆستاو ئەدیبو خوێندەوارو موننەوەرانی ئەو سەردەمە مێژوی ڕۆژنامەنوسیی کوردی پڕە لە نمونەی دیارو کاریگەری هەوڵە جددییەکان.

لەو نێوانەشدا، و کاتێك باسی ڕۆڵی (ڕانیە) دەکەین لە مێژوی ڕۆژنامەنوسیی کوردیدا، ناکرێ خۆمان لە باسکردنی ڕۆژنامەی (بڵێسە) ببوێرین، کە بە یەکەمین کاری ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەنوسی دادەنرێت لە ڕانیەو ناوچەی بیتوێنو پشدەردا بە گشتی.

(بڵێسە) ڕۆژنامەیەکی دەستنوسی نهێنی بوە، کە لەسەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردو لەلایەن چەند مامۆستاو خوێندەوارێکی خاوەنی هزری چەپو نەتەوەییەوە لە (ڕانیە) دەرچوێنراوە، هەروا ئەوەی تاکو ئێستا زانراوە ئەوەیە کە مانگانە بوەو پێنج (٥) ژمارەو پاشکۆیەکی لێدەرچوە، بەڵام توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە هیچ ژمارەیەکی ئەم ڕۆژنامەیەیان لە هیچ ئەرشیڤخانەو کتێبخانەیەکدا دەستنەکەوتوەو نەدیوە، ئەوەی کە هەیە، تەنها لە ئینسکلۆپیدیایەکدا زۆر بە کورتی باسکراوە[٥]، هەروا لە بەڵگەنامەیەکی (کۆمەڵەی ژێکاف)دا ئاماژەی بۆ کراوە، کە لە ١٩٤٤/٩/١٨ دا نوسراوە[٦] جگەلەوەی چەند کەسێتییەك بە زارەکی باسیانکردوە.

---

[٣] نەوزاد عەلی ئەحمەد: شۆڕشی ڕۆژنامە.. ڕۆژنامەی شۆڕش، (سلێمانی: سەنتەری ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، ٢٠٠١)، ل٩١.

[٤] بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل ل٩٣—٩٤.

[٥] ڕەفیق ساڵحو عەبدوڵڵا زەنگەنە: ڕابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی، بەشی دوەم (١٩٣٩—١٩٥٧)، نوسخەی ئەلیکترۆنی، چاپنەکراو، ل٢، سایتی بنکەی ژین، لەم لینکە وەرگیراوە:
http://www.binkeyjin.com/Belgename.aspx?Cor=%DA٪٩٥٪DB٪٨٦٪DA٪٩٨٪D٩٪٨٦٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٥٪D٩٪٨٧٪E٢٪٨٠٪٨C%D٩٪٨٨٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٦٪DB٪٨C<(٢٩/١٢/٢٠١٥)>.

[٦] زنار (گۆڤار)، وتوێژ لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم ڕەمەزان، سازدانی: جوتیار تۆفیق هەورامی، ژمارە (١٣)، کانونی یەکەمی ٢٠٠٧، ل٢٣.

هەر لەوبارەیەوە، هەندێ زانیاری سەبارەت بە ساڵی دەرچونو ستافەکەی هەیە، مەحمود قادر فەرەج لە دەستنوسەکەیدا سەبارەت بە (مێژوی رانیە) نوسیویەتی: ساڵی ١٩٤٢ دەرچوەو نوسەرەکانی بریتیبون لە: میرزا عەبدولکەریم حەمەد، حاجی محەمەدی بەننا، ئیبراهیم رەمەزان، و ئیسماعیل سەرهەنگ[٧]. بەڵام ئیبراهیم رەمەزان کە مامۆستایەکی خەڵکی زاخۆ بوەو لە رانیە بوەتە بەڕێوەبەری قوتابخانە، دوای گواستنەوەی بۆ رانیەو ناسینی میرزا عەبدولکەریم بوەتە یەکێك لە دەستەی نوسەرانی رۆژنامەکە، دەڵێت: "ساڵی ١٩٤٤ بوەو لەلایەن میرزا عەبدولکەریمو شوعە مەخلوفو من دەرکراوە"[٨].

دەربارەی ئامانجی دەرچواندنی (بڵیسە)ش ئیبراهیم رەمەزان دەڵێت: دو ئامانجی سەرەکی هەبو، یەکەم: بڵاوکردنەوەی هەواڵە گرنگەکان، دوەمیان ئاشکراکردنی دزیو رەفتارە دزێوەکانی کاربەدەستانی دامودەزگاکانی میری، چونکە لەو سەردەمەدا دزیو فروفێڵو گەندەڵی گەیشتبوە لوتکەو دەسەڵاتدارانی ئینگلیزیش لە کوردستان بە مەبەست خۆیان لەو پرسە گێلدەکرد،و مەرامیان بو خەڵکی تەنها سەرقاڵی پارەو خۆشگوزەرانیو کاری تایبەتی بنو بیر لە سیاسەتو بیروباوەڕی کوردایەتیو کۆمۆنیستی نەکەنەوە[٩].

بە هۆی بارودۆخی خراپیی سیاسیو ئاستەنگەکانو دورەپەرێزیی شارو ناوچەکە لە ئامێرەکانی چاپو چاپخانە، تاکو راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ هەر هەوڵێکیش بە ئاراستەی دەرچواندنی رۆژنامە یان گۆڤارێك درابن، هەر زو شکستیان پێهێناوە، بۆ نمونە: ئەو ئەدیبو رۆشنبیرانەی رانیە کە لە مانگی ئازاری ١٩٧٧ەوە بە ناوی لیژنەی رۆشنبیرییەوە کارەکانی خۆیان دەکردو چالاك بون، ساڵی ١٩٨٢ خۆیان بۆ دەرچواندنی رۆژنامەیەکی بچکۆلە ئامادەکرد، بەڵام دوای کۆکردنەوەی بابەتو تاوتوێکردنیانو دروستکرنی بەرگو راکێشانی بە زەنگۆگرافیش کۆسپی خرایە بەردەمو رێگەی لێگیرا[١٠].

**رۆڵە پێشەنگییەکانی رانیە لە بزاڤی رۆژنامەنوسیی دوای راپەڕیندا**

ئاماژەکان پێماندەڵێن، رانیە لە پاش راپەڕینی ئازاری ١٩٩١دا بوەتە خاوەنی بزوتنەوەیەکی رۆشنبیریو رۆژنامەنوسیو میدیایی، و لەو دورەپەرێزیو فەرامۆشکردنەشدا لە جوڵەی بەردەوامدا بوە، تەنانەت زۆربەی هەنگاوەکانی لە بواری راگەیاندندا بە هەنگاوی یەکەم یان پێشەنگانە هەژماردەکرێت[١١]:

أ. یەکەمین ئێزگەی رادیۆیی دوای راپەڕین لە باشوری کوردستاندا لە رانیەو پاش ئازادکردنی شارەکە بە ناوی (دەنگی راپەڕین)ەوە لە ٣/٨ دەستبەکاربو و تاکو ئازادکردنی شاری کەرکوك لە ١٩٩١/٣/٢٠ بەردەوام بو، کە هاوکات یەکەمین رادیۆی لۆکاڵییش بوە[١٢].

---

[٧] مەحمود قادر فەرەج: مێژوی رانیە، چاپنەکراوە.

[٨] زنار (گۆڤار)، سەرچاوەی پێشو، ل ل٢٢–٢٣.

[٩] هەمان سەرچاوە، ل٢٣.

[١٠] گفتوگۆ لەگەڵ محەمەدجواد مستەفا (شێخ جواد)، رۆشنبیر، ٢٠٠٢/٤/١٢، رانیە. وەرگیراوە لە: هێرش رەسوڵ: گۆڤاری پێنجی ئازار سەرەتای رۆژنامەگەریی راپەڕین (١٩٩١–١٩٩٣)، توێژینەوەیەکە پێشکەشی بەشی راگەیاندنی کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، ٢٠٠٢، چاپنەکراوە، ل٢٥.

[١١] هێرش رەسوڵ: "زنار" چۆنەو چۆن بێ باشە؟، گۆشەی (گوزارشت)، زنار (گۆڤار)، ژمارە (١٢)، تشرینی دوەمی ٢٠٠٧، ل٣٦.

[١٢] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: هێرش رەسوڵ: دەنگی راپەڕین یەکەمین ئێزگەی ناوخۆیی، کوردستانی نوێ (رۆژنامە)، ژمارە (٢٧١٨)، ساڵی یانزەهەم، دوشەممە ٢٠٠٢/٤/١، ل٩.

ب. دووەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانەی دوای ڕاپەڕین لە باشوری كوردستاندا، ڕۆژنامەی (مانگرتن) بو، كە لە ١٩٩١/١٢/١٠دا لە ڕانیەو تەنها دوای ڕۆژێك لە دەرچواندنی ڕۆژنامەیەكی دیكە بە هەمان ناو (مانگرتن) لە هەولێر، ئەم ڕۆژنامەیەش دەرچوێنراوە[١٣].

ج. یەكەمین گۆڤاری دوای ڕاپەڕین لە باشوری كوردستاندا گۆڤاری (پێنجی ئازار) بو لە ڕانیە، كە یەكەمین ژمارەی (سفر) لە تەمموزی ١٩٩١ دەرچوە[١٤].

د. دووەمین تەلەڤزیۆن لە باشوری كوردستاندا تەلەڤزیۆنی (بزوتنەوەی ئیسلامی) بو لە ڕانیە، كە لە شەوی ١٩٩٢/٢/١٧ دەستی بە پەخش كرد[١٥].

هـ. یەكەمین ڕۆژنامەی ئەهلی لە قەزاو ناحیەكان لە باشوری كوردستاندا ڕۆژنامەی (ڕایەڵ) بو، كە ژمارە (١)ی لە ٢٠٠٢/٩/١٠ لە ڕانیە دەرچو.

## باسی سێیەم: لایەنی پراكتیكی

## ناخشیكاری بۆ میدیای نوسراو لە ناوەندی قەزای ڕانیەدا (١٩٩١ — ٢٠١٥)

### كورتەیەك دەربارەی سامپڵی توێژینەوەكە:

سەرەتا توێژەران **ڕوپێوییەكی گشتگیریان** بۆ هەمو ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوكراوانە ئەنجامدا كە لە ماوەی ٢٥ ساڵی دوای ڕاپەڕیندا لە ناو ڕانیە دەرچوێنراون. بە مەبەستی بەدەستهێنانی سامپڵێكی تەواو و ڕێكخراو، و بۆ هێنانەدیی ئامانجەكانی توێژینەوەكە، سەرەڕای سودوەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەك سەبارەت بە مێژوی ڕۆژنامەنوسیی كوردی[١٦]، توێژەران لە ڕێگەی بەدواداچونی مەیدانیو سۆراغو گەڕانو پرسیاركردن لە ڕۆژنامەنوسو ستافی ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوكراوەكانەوە زانیاریی پێویستیان كۆكردۆتەوەو زۆر لایەنی نادیاری ڕۆژنامەنوسیی ناوەندی قەزای ڕانیەیان ساغكردۆتەوە، بەڵام هێشتاش هەندێ چمكی ئەو ڕۆژنامەنوسییە (وەكو: ژمارە، مێژو، ئاراستە، خاوەندارێتی، ستاف، تیراژ، ژمارەی لاپەڕە... تاد) بە نەزانراوی ماوەتەوە، بەو هیوایەی توێژەرانی ئایندەو شارەزایانی مێژوی ڕۆژنامەنوسیی كوردی بتوانن ئەو بۆشاییە گچكانەش پڕبكەنەوە، تاكو ئەو بەشەی مێژوی ڕۆژنامەنوسیی كوردی لە ونبونو فەوتان بپارێزرێت.

بە پێی زانیارییە بەدەستهاتوەكانی نێو سەرچاوەكانو بەدواداچونی مەیدانیی توێژەران، لە ماوەی ساڵانی (١٩٩١ — ٢٠١٥)دا لە ناوەندی قەزای ڕانیەدا (٧٩) چاپكراوی خولەكی بە ناو و قەبارەو ستافی جیاو لە كاتی جیاوازدا چاپو بڵاوكراونەتەوە. ئەم ژمارەیەش لاوازیی ئاستی بایەخدان بە ڕۆژنامەنوسیو بەردەوامی پێدانی پێشاندەدات، ئەگەرچی

[١٣] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: هێرش ڕەسوڵ: ڕۆژنامەی ڕۆژانەی (مانگرتن) ١٠ بۆ ١٩٩١/١٢/١٤ — ڕانیە، ڕانیە (گۆڤار)، ژمارە (٥)، ئابی ٢٠٠٣، ل ل٩-١٣.

[١٤] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: هێرش ڕەسوڵ: گۆڤاری پێنجی ئازار سەرەتای ڕۆژنامەگەریی ڕاپەڕین (١٩٩١-١٩٩٣)، سەرچاوەی پێشو.

[١٥] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٣٠.

[١٦] لەو سەرچاوانەش: جەمال خەزنەدار (نوسینو ئامادەكرن): ئینسكلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی كوردی ١٨٩٨ — ٢٠١٠، پێداچونەوەو پوختەكردن: عەبدوڵڵا زەنگەنە، پێشەكی: فەرهاد عەونی، (هەولێر: سەندیكای ڕۆژنامەنوسانی كوردستان، ٢٠١١)، عبداللە زەنگنە: ڕۆژنامەنوسی كوردی لە كوردستانی دوای –ڕاپەڕین– بەدواداچونێكی مەیدانی یە، (هەولێر: حكومەتی هەرێمی كوردستان– وەزارەتی ڕۆشنبیری، ١٩٩٨)، ڕەفیق ساڵحو عەبدوڵڵا زەنگەنە: سەرچاوەی پێشو، نەوزاد عەلی ئەحمەد: سەرچاوەی پێشو، د.سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: ڕۆژنامەنوسیی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان ١٩٨١ — ٢٠٠٥، (سلێمانی: ڕۆژنامەی "چاودێر"، ٢٠٠٨)، سەنگەر زرار: بیبلۆگرافیای بڵاوكراوە وەرزشییەكان ١٩٨٥ — ٢٠١٢، (هەولێر: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپو بڵاوكردنەوە، ٢٠١٢).

به بەراورد بەقەزاو ناحیەکانی تری کوردستان ڕەنگە ژمارەکە کەم نەبێت، یان ئەگەر بارودۆخی خراپی سیاسیو ئابوری هەژماربکەین. بڕوانە خشتەی (١).

**خشتەی (١): ناساندنێکی گشتیی ڕۆژنامەنوسیی ڕانیە**

| ژ | ناوی چاپکراوە خولەکییەکە | مێژوی یەکەم ژمارەو دواژمارە | بڵاوکەرەوە/ خاوەنی ئیمتیاز | ستاف |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕێگای کوردستان | ژ (١)، ساڵی (٤٧)، ١٩٩١/٦ | ئۆرگانی هەرێمی کوردستانی (حشع)/ ئێستا لە هەولێر دەردەچێت | |
| ٢ | پێنجی ئازار | ژ (٠) ١٩٩١/٧ — ژ (٤) ١٩٩٣/٣/٥ | یەکێتیی نووسەرانی کورد/ کۆمیتەی ڕانیە | سەربەست جیهاد، نیازی حەمەعەزیز، محەمەدئەمین عارف، خدر گوڵانی، ئەمیر حسێن |
| ٣ | مانگرتن | ژ (١) ١٩٩١/١٢/١٠ — ژ (٥) ١٩٩١/١٢/١٤ | یەکێتیی نووسەرانی کورد/ کۆمیتەی ڕانیە | نیازی حەمەعەزیز، ئیسماعیل ڕاجی، عومەر مەرگەیی، خدر گوڵانی، شێخ جواد، مامۆستا سەعید، سەربەست جیهاد، هەمزە گوڵانیو هەورامان |
| ٤ | زەنگ | ژ (١) سەرەتای ١٩٩٢ — ژ (١٥) ١٩٩٢/١٢ | یەکێتیی نووسەرانی کورد/ کۆمیتەی ڕانیە | نیازی حەمەعەزیز، ئیسماعیل ڕاجی |
| ٥ | دەروازە | ژ (٠) ١٩٩٢/٢/٨ — ژ (٩) سەرماوەزی ١٩٩٢ | ناوچەی ڕانیەی (پ. د. ك.) | نیازی حەمەعەزیز |
| ٦ | پاڵە | ژ (١) ١٩٩٢/٨ | دەستەیەك لە ڕۆشنبیرانی ڕانیە | شازاد ئەنوەر |
| ٧ | ئێزگەی کوردستان | ژ (١) ١٩٩٢/١٠ | ئێزگەی کوردستان– (حسك) | |
| ٨ | هەڵوێست | ژ (١) ١٩٩٢ — ژ (٥) ١٩٩٣ | مەڵبەندی ٣ی (باسك) | |
| ٩ | ڕاسان | ژ (١) ١٩٩٥/٣/٥ — ژ (٣) ١٩٩٥/٥ | کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی هاوچەخ/ بنکەی گشتیی ڕانیە | سەرنوسەر: حەسیب پشدەری، ب. نوسین: بەکر مەحمود |
| ١٠ | ئاسۆس | ژ (١) ١٩٩٦/٦ | کۆمیتەی ڕێکخستنی | خاوەن ئیمتیاز: محەمەد |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | لەشکری ئاسۆسی (ی. ن. ک.) | حاجی قادر، سەرنوسەر: بەکر صدیق |
| ١١ | چرا | ژ (١) ١٩٩٧/٣ — ژ (٢) ١٩٩٧/٤ | کۆمەڵەی ڕۆشنبیرانی ئاشتیخواز لە ڕانیە | ستاف: سیروان گۆران، ئەرسەلان مەولود |
| ١٢ | هۆشیاری | ژ (١) ١٩٩٧/٣ — ژ (٣) ١٩٩٧/٥ | لقی هەولێری (ی. خ. ل. ز. ک.) | لوقمان حەسەن، ڕێبوار سابیر |
| ١٣ | دەهۆڵ | ژ (١) ١٩٩٧/٣/٢ | | |
| ١٤ | فەرهەنگ | ژ (١) ١٩٩٧/٣/١١ | | کۆمەڵێك فێرخوازی بەشی ئینگلیزیی پەیمانگای مەڵبەندیی مامۆستایانی ڕانیە |
| ١٥ | قاسپە | ١٩٩٧<br>١٩٩٩ | کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان | لیژنەی باڵای مامۆستایانی ڕانیە |
| ١٦ | ئاسۆی سەندیکا | ١٩٩٧<br>١٩٩٨ | لیژنەی باڵای ڕاپەڕین، سەندیکای ڕاپەڕین | سەرنوسەر: سابیری سەندیکا |
| ١٧ | ڕووداو | ژ (١) ١٩٩٨/٤/٢٤<br>ژ(٥) ٢٠٠٢/٤/٢٤ | ڕابونی خوێندکارو لاوانی لقی ڕاپەڕین | سەرنوسەر: مەلا ئاریان |
| ١٨ | ئەهۆو | ژ(١) ١٩٩٨/٦/٦<br>ژ(١٢) ١٩٩٨/١٢/٢١ | کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان | سەرنوسەر: هێرش ڕسوڵ |
| ١٩ | هەژی | حوزەیرانی ١٩٩٨ | لقی ڕاپەڕینی (ک.خ.ک) | سەرنوسەر: ئەرسەلان مەحمود، ب. نوسین: صالح میراودەلی |
| ٢٠ | ڕوانین | ١٩٩٨<br>٢٠٠١ | مەڵبەندی ڕاپەڕینی (ی.ن.ک) | سەرنوسەر: سلێمان عبدالله یونس |
| ٢١ | چرا | خولی دوەم، ژ (٣) ١٩٩٩/٢ — ژ (٣٠) ٢٠٠٢/٧/٢٠ | لقی ڕاپەڕینی (ر. خ. ل. د.) | ئارام قادر |
| ٢٢ | واڵا | ژ (١) حوزەیرانی ١٩٩٩<br>ژ (٣) ئابی ١٩٩٩ | مەڵبەندی لاوانی بیتوێن TDC | سەرنوسەر: هێرش ڕسوڵ، جێگری سەرنوسەر: سیروان گۆران، ب. نوسین: صدیق عەلی |
| ٢٣ | وەرزشی کێوەڕەش | تەمموزی ١٩٩٩<br>تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ | کۆمەڵێك گەنجی شاری ڕانیە | صباح صالح سعید، پشتیوان عەبدوڵڵا |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٤ | پەیك | کانوونی یەکەمی ١٩٩٩<br>تشرینی یەکەمی ١٩٩٩ | لقی ڕاپەڕینی<br>(ی.خ.ل.ز.ك) | سەرنوسەر: صدیق عەلی،<br>ب. نوسین: مەلا ئاریان |
| ٢٥ | ڕۆژژمێری<br>قائیمقامییەت | کانوونی یەکەمی ١٩٩٩<br>نیسانی ٢٠٠٠ | قائیمقامییەتی ڕانیە | |
| ٢٦ | تەما | ژ(١) کانوونی یەکەمی<br>١٩٩٩<br>شوباتی ١٩٩٩ | سەنتەری ڕاپەڕینی<br>ڕێکخراوی ئازادیی لاوان<br>(ڕال) | خاوەنی ئیمتیاز: ئیبراهیم<br>بالیسانی<br>سەرنوسەر: ئەحمەد<br>مستەفا<br>ب. نوسین: خالید قادر |
| ٢٧ | شەبەنگ | ٢٠٠٠<br>کانوونی یەکەمی ٢٠٠١ | | |
| ٢٨ | ڕاپەڕین | ژ (١) ٢٠٠١/٣/٥ | سەنتەری ڕاپەڕینی<br>(ڕال) | |
| ٢٩ | ڕاپەڕین | ژ (٠) ٢٠٠١/٣/٥ – ژ (١)<br>٢٠٠٢/٣/٥ | ڕاگەیاندنی مەڵبەندی<br>ڕاپەڕینی (ی. ن.ك.) | |
| ٣٠ | سەکۆ | ژ (٠) ٢٠٠١/٤ – ژ (١٦)<br>٢٠٠٢/١١/١٩ | لقی ڕاپەڕینی (ی. خ.<br>ل. پ. ك.) | سەرنوسەر: عەزیز عەبدوڵڵا<br>بنگردی |
| ٣١ | شارەوانی لە ١٠٠ ڕۆژدا | ٢٠٠٢/١/١١<br>٢٠٠٢/٢/١٥ | شارەوانی ڕانیە | |
| ٣٢ | هەڵبژاردن | تشرینی دووەمی ٢٠٠٢ | کۆمیتەی<br>ئامادەییەکانی ڕانیەی<br>(ك.خ.ك) | نەژاد عەلی صابر، دارا<br>عومەر |
| ٣٣ | پەیمانگا | ٢٠٠٢<br>٢٠٠٢ | پەیمانگای مەڵبەندی<br>مامۆستایانی ڕانیە | سەرنوسەران/ محمد حسێن<br>ئارام قادر خەلەکانی |
| ٣٤ | ڕایەڵ | ژ (١) ٢٠٠٢/٩/١٠<br>ژ (٤) ٢٠٠٣/٣/٥ | ئەهلی | خاوەنی ئیمتیاز: عەبد<br>عارف، سەرنوسەر: هێرش<br>ڕەسوڵ، ب. نوسین: صدیق<br>عەلی |
| ٣٥ | ڕانیە | ژ (١) ٢٠٠٢ – ژ (٤٨)<br>٢٠٠٧/٥/١ | سەرۆکایەتیی<br>شارەوانیی ڕانیە | خاوەنی ئیمتیاز: سەرۆکی<br>شارەوانی، سەرنوسەر:<br>عەبدولواحید دوکانی |
| ٣٦ | شمشارە | ژ (٠) کانوونی یەکەمی | تاکەکەسی | خاوەنی ئیمتیازو |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | ٢٠٠٤<br>ژ (٥٥) حوزەیرانی ٢٠١٥ | | سەرنوسەر: مەلا سمایل |
| ٣٧ | ورە | هاوینی ٢٠٠٣<br>ئازاری ٢٠٠٦ | کۆمەڵەی زیندانیە سیاسیەکانی کوردستان | سەرنوسەر: کاوسێن بابەکر<br>ب. نوسین: ئەحمەد مام رەسوڵ |
| ٣٨ | شارایەك لە کاروچالاکیەکانی مەڵبەندی کازیوەی رانیە | کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤ | مەڵبەندی کازیوەی رانیە | |
| ٣٩ | هێشوو | کانوونی دووەمی ٢٠٠٤ | مەڵبەندی کازیوەی رانیە | |
| ٤٠ | راپەڕین | ئازاری ٢٠٠٥ | مەڵبەندی ٧ی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | |
| ٤١ | چاکسازی | ٢٠٠٥/١١/٣<br>٢٠٠٦/٣/٤ | خاوەنی ئیمتیاز/ شەماڵ محمد | سەرنوسەر/ کۆشان علی |
| ٤٢ | دوێن | ٢٠٠٥/١٠/٢ | | ژمارەیەك رۆشنبیری سەربەخۆ |
| ٤٣ | پەیکی خوێندکاران | ژ (١) ٢٠٠٥/٨ – ژ (٢) ٢٠٠٥/٩ | رابوونی خوێندکارو لاوانی کوردستان | |
| ٤٤ | ئاراستە | ٢٠٠٥/١٠/٢<br>تشرینی دووەمی ٢٠٠٥ | خاوەنی ئیمتیاز: خالید قادر | سەرنوسەر: ئارام قادر<br>ب.نوسین: فەریدە محمد |
| ٤٥ | تەشقەڵە | ژ(١) ٢٠٠٥/١٠/١٠<br>ئازاری ٢٠٠٦ | | |
| ٤٦ | رۆشنایی | کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥<br>٢٠٠٦/١/٢٠ | پەیمانگای مەڵبەندیی مامۆستایانی رانیە | ژمارەیەك خوێندکار |
| ٤٧ | رێگا | ٢٠٠٥<br>٢٠٠٦ | رێکخراوی قوتابیانی کوردستان | |
| ٤٨ | پف | ژ (١) ٢٠٠٦/١/١٥ | خوێندکارانی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان | |
| ٤٩ | خۆر | ژ (١) ٢٠٠٦/١/٢٤ | ئەهلی | خاوەنی ئیمتیاز: عەبدوڵلا حەمەد رەزگەیی،<br>سەرنوسەر: غفور نادر، |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | ب. نوسین: ئیبراهیم مستەفا |
| ٥٠ | تەنز | ژ (١) ٢٠٠٦/٢/١٨ | خوێندکارانی ناوەندیی کێوەڕەش | |
| ٥١ | کۆمیدیا | ژ (١) ٢٠٠٦ | خوێندکارانی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان | |
| ٥٢ | کەپك | ژ (١) ٢٠٠٦/١/٢٥ | خوێندکارانی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان | |
| ٥٣ | وانەر | ژ (١) ٢٠٠٦/٣/١١<br>ژ (٦) ٢٠٠٦ | خوێندکارانی ناوەندی ڕانیەی کوڕان و ناوەندی دەروازەی ڕاپەڕینی کچان | سەرنوسەر: هۆشمەند علی |
| ٥٤ | دەروازەیەکی تر | ژ (١) ٢٠٠٦/٩/٢٩<br>ژ (٧) ٢٠٠٦/٦/٦ | ئەهلی | خاوەنی ئیمتیاز: کاوە عەبدوڵڵا،<br>سەرنوسەر: هەندرێن شێخ ڕاغب،<br>ب.نوسین: حەمید قەڵادزەیی |
| ٥٥ | ٥ی ٣ | ژ (١) ٢٠٠٧/٣/٥ | ئەهلی | خالید قادر،<br>صدیق علی |
| ٥٦ | ڕابوون | ژ (١) ٢٠٠٧/٣/٥ | سەنتەری ڕۆشنبیریی ئاسۆس | نیازی حەمەعەزیز |
| ٥٧ | ئاوێتە | ٢٠٠٧/٣ | خوێندکارانی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان | سەرنوسەر: کاوە عەبدوڵڵا |
| ٥٨ | زانین | ژ (١) ٢٠٠٧/٣/٥ | خوێندکارانی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان | سەرنوسەر: ئارام قادر |
| ٥٩ | زنار | ژ (١) ٢٠٠٧/٣ – ژ (٥١) ٢٠١١/٢ | ئەهلی | خاوەنی ئیمتیاز: ئەردەلان یوسف، سەرنوسەر: قادر ئەحمەد، ب.نوسین: غەفور نادر |
| ٦٠ | پروشە | ژ (١) ٢٠٠٧/٣/٣٢ – ژ (٨) ٢٠٠٧/٧/٧ | ئەهلی | سەرنوسەر: حەمەدەمین خدر،<br>ب.نووسین: ئاراز ڕەمەزان |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٦١ | رۆژی راپەڕین | ژ (١) ٢٠٠٧/٣/٥ – ژ (٤) ٢٠١٣/٣/٥ | رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) | سەرپەرشتیاران: ئاراز رەمەزان، کاروان وریا |
| ٦٢ | ئاوێتە | ٢٠٠٧/٧ | رابوونی خوێندکارو لاوانی کوردستان | خاوەنی ئیمتیاز: هێشوو خوسرەوی، سەرنوسەر: محەمەد خدر |
| ٦٣ | لێدوان | ژ (١) ٢٠٠٧/١١ – ژ (٢٨) ٢٠٠٩/١ | ئەهلی | خاوەنی ئیمتیاز: ئەمیر حسێن سەرنوسەر: خالید قادر ب.نوسین: هەندرێن شێخ راغب |
| ٦٤ | ئاخکۆ | ژ (٠) بەهاری ٢٠٠٨ ژ (٤–٥) بەهاری ٢٠١٠ | تاکەکەسی | خاوەنی ئیمتیاز: حاجی غەفوری باوەیلی سەرنوسەر: هونەر ئارام |
| ٦٥ | ئەلبومی چرکەساتەکانی راپەڕینی ٥ی ٣ | ٢٠٠٨/٣ | مەڵبەندی (٨)ی (ی.ن.ك) | ستاف: ئەیوب ئەحمەد، خالید قادر، عەبدولواحید دوکانی |
| ٦٦ | رێنوێن | ٢٠٠٩ | لقی (١١)ی (پ.د.ك) | خاوەنی ئیمتیاز: هەڵۆ ئەحمەد کوردە، سەرنوسەر: نیازی حەمەعەزیز |
| ٦٧ | رێ | ٢٠٠٩ | لقی (١١)ی (پ.د.ك) | خاوەنی ئیمتیاز: هەڵۆ ئەحمەد کوردە، سەرنوسەر: نیازی حەمەعەزیز |
| ٦٨ | ئێف وەن | ژ (٠) ٢٠٠٩/١٠/١ – ژ (١٢) ٢٠١٠/١٢/١ | ئەهلی | سەرنوسەر: مەڵبەند غازی |
| ٦٩ | مەشخەڵی راپەڕین | ژ (١) ٢٠١٠/٣/٥ – ژ (٥) ٢٠١٥/٣/٥ | مەڵبەندی (٥)ی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | سەرنوسەر: شەریف وەرزێر |
| ٧٠ | کۆنفرانس | ٢٠١٠/٥/٢٧ – ٢٠١٠/٥/٢٨ | | |
| ٧١ | ستارت | ٢٠١٠ | خوێندکارانی پەیمانگای کۆمپیوتەری رانیە | سەرنوسەر: هەکار محەمەد |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧٢ | ساڵنامەی کاروچالاکییەکانی پەیمانگای پەروەردەی وەرزشیی ڕانیە (٢٠٠٩–٢٠١٠) | ٢٠١٠ | پەیمانگای پەروەردەی وەرزشی ڕانیە | ئامادەکردن: م. ئومێد محەمەد پیرۆت |
| ٧٣ | ئاشتی | ٢٠١٠ | مەڵبەندی منالآنی ڕانیە | خاوەنی ئیمتیاز: ئەکرەم حەمەدەمین، سەرنوسەر: خالید قادر |
| ٧٤ | ١ ساڵ | ٢٠١١ | شارەوانیی ڕانیە | بەشدار حەمید، ئاوات عوسمان، بێستون ئیبراهیم |
| ٧٥ | خەرمان | ٢٠١١ | ب. ڕۆشنبیریی مندالآنی ڕانیە | سەرپەرشتیار: کاوە عەبدولرەحمان |
| ٧٦ | ڕانیە | ٢٠١١/١١ | سەنتەری ڕایەڵ | خالید قادر |
| ٧٧ | ئیدارەی ڕاپەڕین | ٢٠١٢ | ئیدارەی ڕاپەڕین | بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندنو پەیوەندییەکان |
| ٧٨ | بریسک | ژ (١) ٢٠١٣/٦/١٠ – ژ (٨) ٢٠١٤/١/١٤ | ئەهلی | خاوەن ئیمتیازو سەرنوسەر: مەڵبەند غازی |
| ٧٩ | زانکۆی ڕاپەڕین | ژ (١) ٢٠١٤ – ژ (٤) ٢٠١٥ | زانکۆی ڕاپەڕین | خاوەن ئیمتیاز: پ. د. محەمەد عەلی، سەرنوسەر: پ. ی. د. صباح ڕەشید |

**دەستنیشانکردنی یەکە و دەستەکانی شیکارییەکە:**

دوای خوێندنەوەی سەرەتایی و ورد بۆ بابەتی شیکارییەکە بۆ دیاریکردنی گرنگترین یەکە و دەستەکانی ڕۆژنامەنوسیی ڕانیە لەخۆدەگرێت، هەروا زانینی دیارترین ئاراستەکانی ڕۆژنامەنوسییەکە، و گەیشتن بە داتا و زانیارییەکان، و نەخشەکێشانی فۆرمی شیکارییەکە بۆ دەستکەوتنی زانیارییە پێویستەکان، چونکە ئەو یەکانە پێوانەی بنچینەیی شێوازی چارەسەرکردنی کێشەی توێژینەوەکە پێکدێنن. توێژەران هەریەك لە یەکەکانی (جۆر، خاوەندارێتی، ساڵ، کات، ژمارە، تایبەتمەندیی، لایەنی هونەریو چاپو نەخشەسازی، بەردەوامبون)یان بەکارهێناوە، لەبەرئەوەی ئەم یەکانە لەگەڵ کێشە و ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا گونجاون.

وەکچۆن توێژەران دەستە (الفئة)کانی توێژینەوەکەیان داناوە بۆ ژماردن و پێوانەکاری بە پشتبەستن بەوەی توێژینەوەکە بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان خستویەتیەڕو.

**یەکەم: یەکەکان**

أ. جۆر: مەبەست لە جۆری چاپکراوە خولەکییەکەیە: رۆژنامە، گۆڤار، بڵاوکراوە.

ب. خاوەندارێتی: مەبەست لە خاوەندارێتیی چاپکراوە خولەکییەکەیە: حزبی، حکومی، رێکخراوەیی، ئەهلی.

ج. ساڵ: واتە ئەو ساڵەی چاپکراوە خولەکییەکەی تێدا دەرچوە.

د. کات: مانای کاتی دەرچونی چاپکراوە خولەکییەکە دەگەیەنێت.

و. ژمارە: مەبەست لێی ژمارەی دەرچوی چاپکراوە خولەکییەکەیە.

ز. تایبەتمەندیی: واتە تایبەتمەندێتیی چاپکراوە خولەکییەکە لە بوارو بۆنەو چینو توێژە جیاوازەکان.

ح. لایەنی چاپو هونەریو نەخشەسازی: مەبەست لێی لایەنی تۆبۆگرافیو روخسارو جوانکاریی چاپکراوە خولەکییەکەیە.

ط. بەردەوامبون: مەبەست لە رادەی بەردەوامبونی چاپکراوە خولەکییەکەیە لە دەرچواندن.

**دوەم: دەستەکان:**

أ. تایبەتمەند بە یادو بۆنەیەکی دیاریکراو: مەبەست لە تایبەتمەندبونی چاپکراوە خولەکییەکە بە یادکردنەوەی روداوێکی دیاریکراوی نێودەوڵەتی، نیشتمانی، ناوخۆیی.

ب. تایبەتمەند بە بوارێکی دیاریکراو: مەبەست لە تایبەتمەندبونی چاپکراوە خولەکییەکە بە لایەنێکی دیاریکراوی ژیانو کۆمەڵ: سیاسی، رۆشنبیری، خوێندنو پەروەردە، وەرزشی، تەنزو گاڵتەوگەپ، سەربازی، خزمەتگوزاری، مێژو و شوێنەوار، زانستیو ئەکادیمی، ئایتی.

ج. تایبەتمەند بە چینو توێژێکی دیاریکراو: مەبەست لە تایبەتمەندبونی چاپکراوە خولەکییەکە بە خاوەن پیشەیەك یان چینو توێژو تەمەنێکی دیاریکراوی نێو کۆمەڵ: خوێندکاران، لاوان، کرێکاران، منداڵان، زیندانییانی سیاسی.

**ئەنجامی ناخشیکارییەکە:**

**١. رۆژنامەنوسیی رانیە لە روی جۆرەوە:**

ئەنجامەکان رونیدەکەنەوە، لە روی جۆرەوە، لە رۆژنامەنوسیی رانیەدا (بڵاوکراوە) پلەی یەکەمی وەرگرتوە، دوای ئەویش (رۆژنامە) دێت لە پلەی دوەمدا، پاشان (گۆڤار) لە پلەی سێیەمدا. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە ژمارەیەکی بەرچاوی رۆژنامەنوسیی رانیە بە شێوەیەکی گشتی سروشتو تایبەتمەندیی (رۆژنامەو گۆڤار)یان نیەو تارادەیەك لەو نێوانەدان، یان تەنها دەتوانین بە چاپکراوی خولەکی هەژماریان بکەین. بڕوانە خشتەی (٢).

**خشتەی (٢): رۆژنامەنوسیی رانیە لە روی جۆرەوە**

| ژ | جۆری چاپکراوە خولەکییەکە | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | رۆژنامە | ٢٦ | ٣٢.٩١ | دوەم |
| ٢ | گۆڤار | ٢١ | ٢٦.٥٨ | سێیەم |
| ٣ | بڵاوکراوە | ٣٢ | ٤٠.٥٠ | یەکەم |
| کۆی گشتی | | ٧٩ | ١٠٠ | |

**٢. ڕۆژنامەنوسیی ڕانیە لە ڕوی ساڵی دەرچونەوە:**

بە گوێرەی ئەنجامەکان، لە ڕوی ساڵی دەرچونەوە، ساڵی (٢٠٠٧) بە پلەی یەکەم دێت، هەروا هەردو ساڵی (٢٠٠٥) بە پلەی دوەمو ساڵی (٢٠٠٦)ش بە پلەی سێیەم دێن، هاوکات لە هەردو ساڵی (١٩٩٣، ١٩٩٤) لەلایەکو ساڵی (٢٠١٥) هیچ چاپکراوێکی خولەکی لە ڕانیە دەرنەچوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی شەڕی ناوخۆو قەیرانی دارایی لە کوردستاندا. بڕوانە خشتەی (٣).

**خشتەی (٣): ڕۆژنامەنوسیی ڕانیە لە ڕوی ساڵی دەرچونەوە**

| ژ | ساڵ دەرچونی چاپکراوە خولەکییەکە | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٩٩١ | ٣ | ٣.٧٩ | حەوتەم/ د |
| ٢ | ١٩٩٢ | ٥ | ٦.٣٢ | پێنجەم/ د |
| ٣ | ١٩٩٣ | ٠ | ٠ | دەیەم/ د |
| ٤ | ١٩٩٤ | ٠ | ٠ | دەیەم/ د |
| ٥ | ١٩٩٥ | ١ | ١.٢٦ | نۆیەم/ د |
| ٦ | ١٩٩٦ | ١ | ١.٢٦ | نۆیەم/ د |
| ٧ | ١٩٩٧ | ٦ | ٧.٥٩ | چوارەم/ د |
| ٨ | ١٩٩٨ | ٤ | ٥.٠٦ | شەشەم/ د |
| ٩ | ١٩٩٩ | ٦ | ٧.٥٩ | چوارەم/ د |
| ١٠ | ٢٠٠٠ | ١ | ١.٢٦ | نۆیەم/ د |
| ١١ | ٢٠٠١ | ٣ | ٣.٧٩ | حەوتەم/ د |
| ١٢ | ٢٠٠٢ | ٥ | ٦.٣٢ | پێنجەم/ د |
| ١٣ | ٢٠٠٣ | ١ | ١.٢٦ | نۆیەم/ د |
| ١٤ | ٢٠٠٤ | ٣ | ٣.٧٩ | حەوتەم/ د |
| ١٥ | ٢٠٠٥ | ٨ | ١٠.١٢ | دوەم |
| ١٦ | ٢٠٠٦ | ٧ | ٨.٨٦ | سێیەم |
| ١٧ | ٢٠٠٧ | ٩ | ١١.٥٤ | یەکەم |
| ١٨ | ٢٠٠٨ | ٢ | ٢.٥٣ | هەشتەم/ د |
| ١٩ | ٢٠٠٩ | ٣ | ٣.٧٩ | حەوتەم/ د |
| ٢٠ | ٢٠١٠ | ٥ | ٦.٣٢ | پێنجەم/ د |
| ٢١ | ٢٠١١ | ٣ | ٣.٧٩ | حەوتەم/ د |
| ٢٢ | ٢٠١٢ | ١ | ١.٢٦ | نۆیەم/ د |
| ٢٣ | ٢٠١٣ | ١ | ١.٢٦ | نۆیەم/ د |
| ٢٤ | ٢٠١٤ | ١ | ١.٢٦ | نۆیەم/ د |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٥ | ٢٠١٥ | ٠ | ٠ | دەیەم/ د |
| | **كۆی گشتی** | **٧٩** | **١٠٠** | |

**٣. رۆژنامەنوسیی رانیە لە روی خاوەندارێتییەوە:**

بە پێی ئەنجامەكان، لە روی خاوەندارێتییەوە، لە قەزای رانیەدا (رۆژنامەنوسیی رێكخراوەكان) پلەی یەكەمی وەرگرتوە، دوای ئەویش (رۆژنامەنوسیی ئەهلی) دێت لە پلەی دوەمدا، پاشان (رۆژنامەنوسیی حزبی) لە پلەی سێیەمدا، (رۆژنامەنوسیی حكومی) لە پلەی چوارەم، و (نەزانراو)یش لە دواپلەدا. ئەمەش ئاماژەیە بۆ: كارایی رێكخراوو سەندیكاو حزبەكانو رۆژنامەنوسانییان لەلایەك، و بەكارهێنانی رۆژنامەنوسی وەك ئامرازێكی ئایدۆلۆژیو سیاسیو رێكخراوەیی، هەروا دەربارەی پلەی دوەمیش، مانای دەركەوتنی سەرەتاكانی رۆژنامەنوسیی ئەهلییە لەو شارەدا. بڕوانە خشتەی (٤).

**خشتەی (٤): رۆژنامەنوسیی رانیە لە روی خاوەندارێتییەوە**

| ژ | خاوەندارێتیی چاپكراوە خولەكییەكە | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | حزبی | ١٢ | ١٥.١٨ | سێیەم |
| ٢ | حكومی، رەسمی | ١١ | ١٣.٩٢ | چوارەم |
| ٣ | رێكخراو و سەندیكا | ٣٠ | ٣٧.٩٧ | یەكەم |
| ٤ | ئەهلی، تاكەكەسی | ١٦ | ٢٠.٢٥ | دوەم |
| ٥ | نەزانراو | ١٠ | ١٢.٦٥ | پێنجەم |
| | **كۆی گشتی** | **٧٩** | **١٠٠** | |

**٤. رۆژنامەنوسیی رانیە لە روی كاتی دەرچونەوە:**

ئەنجامەكان رونیدەكەنەوە، لە روی كاتی دەرچونەوە، لە رۆژنامەنوسیی رانیەدا (مانگانە) پلەی یەكەمی وەرگرتوە، پاشان (وەرزانە) بە پلەی دوەم هاتوە، ئینجا (ساڵانە) لە پلەی سێیەم، و (دو هەفتە جارێك)یش لە پلەی چوارەمدا. ئەمەش بە گشتی دەگەڕێتەوە بۆ: هۆكاری ئابوریو دارایی، نەشارەزاییو ناپیشەییبون، نەبونی شوێنو دامەزراوەو چاپخانەی پێشكەوتو لە شارەكەدا. بڕوانە خشتەی (٥).

**خشتەی (٥): رۆژنامەنوسیی رانیە لە روی کاتی دەرچونەوە**

| ژ | کاتی دەرچونی چاپکراوە خولەکییەکە | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | رۆژانە | ١ | ١.٢٦ | حەوتەم/ د |
| ٢ | هەفتانە | ٣ | ٣.٧٩ | شەشەم |
| ٣ | دو هەفتە جارێك | ٩ | ١١.٣٩ | چوارەم |
| ٤ | مانگانە | ٢٨ | ٣٥.٤٤ | یەکەم |
| ٥ | وەرزانە | ١٨ | ٢٢.٧٨ | دوەم |
| ٦ | ساڵانە | ١٤ | ١٧.٧٢ | سێیەم |
| ٧ | نارێك، ناوبەناو | ١ | ١.٢٦ | حەوتەم/ د |
| ٨ | بە پێی بۆنەو یادەکان | ٥ | ٦.٣٢ | پێنجەم |
| | **کۆی گشتی** | **٧٩** | **١٠٠** | |

**٥. رۆژنامەنوسیی رانیە لە روی ژمارەی دەرچونەوە:**

ئەنجامەکان دەریدەخەن، لە روی ژمارەی دەرچونەوە، لە رۆژنامەنوسیی رانیەدا (تەنها ١ ژمارە) پلەی یەکەمی گرتوە، وەکچۆن (١ – ٥ ژمارە) بە پلەی دوەم، و (٥ – ١٠ ژمارە)ش لە پلەی سێیەم هاتون، هاوکات (نەزانراو) لە پلەی چوارەمدایە. ئەمەش واتای تەمەنکورتیی رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکانو بونی کۆمەڵێ ئاستەنگ لەبەردەم کاری رۆژنامەنوسی دەگەیەنێت، بە تایبەت ئاستەنگی پیشەییو ناپرۆفێشناڵی لەلایەك، و ئاستەنگی داراییو سەرچاوەی خۆژێنی لەلایەکیترەوە، هەروا ئامانجی سیاسیو ئایدۆلۆژیی پشت دەرچواندنی هەندێ لەو چاپکراوە خولەکییانە روندەبێتەوە، کەوا تارادەیەکی زۆر بە پێی پلانی قۆناغو تاکتیکییانە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسانەدا دەکەن. بڕوانە خشتەی (٦).

**خشتەی (٦): رۆژنامەنوسیی رانیە لە روی ژمارەی دەرچونەوە**

| ژ | ژمارەی دەرچونی چاپکراوە خولەکییەکە | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەنها ١ ژمارە | ٢٦ | ٣٢.٩١ | یەکەم |
| ٢ | ١ – ٥ ژمارە | ٢٤ | ٣٠.٣٧ | دوەم |
| ٣ | ٥ – ١٠ ژمارە | ١٢ | ١٥.١٨ | سێیەم |
| ٤ | ١٠ – ٢٠ ژمارە | ٤ | ٥.٠٦ | شەشەم |
| ٥ | ٢٠ ژمارەو زیاتر | ٥ | ٦.٣٢ | پێنجەم |
| ٦ | نەزانراو | ٨ | ١٠.١٢ | چوارەم |
| | **کۆی گشتی** | **٧٩** | **١٠٠** | |

**٦. ڕۆژنامەنوسیی ڕانیە لە ڕوی تایبەتمەندبونەوە:**

ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن، لە ڕوی تایبەتمەندبونەوە، لە ڕۆژنامەنوسیی ڕانیەدا (تایبەتمەند) پلەی یەکەمی گرتوە، وەکچۆن (گشتی)یش بە پلەی دوەم هاتوە. ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنییە لەو ڕۆژنامەنوسییەدا کە بەرەو پسپۆڕیو تایبەتمەندبون هەنگاوی ناوە. بڕوانە خشتەی (٧).

**خشتەی (٧): ڕۆژنامەنوسیی ڕانیە لە ڕوی تایبەتمەندییەوە**

| ژ | تایبەتمەندبونی چاپکراوە خولەکییەکە | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | گشتی | ٢١ | ٢٦.٥٨ | دوەم |
| ٢ | تایبەتمەند | ٥٨ | ٧٣.٤١ | یەکەم |
| | **کۆی گشتی** | **٧٩** | **١٠٠** | |

**٧. ڕۆژنامەنوسیی ڕانیە لە ڕوی جۆری تایبەتمەندییەوە:**

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن، لە ڕوی جۆری تایبەتمەندییەوە، لە ڕۆژنامەنوسیی ڕانیەدا (تایبەتمەند بە بوارێکی دیاریکراو) لە پلەی یەکەمدا دێت، هەروەك (تایبەتمەند بە چینو توێژێکی دیاریکراو) بە پلەی دوەم، و (تایبەتمەند بە یادو بۆنەیەکی دیاریکراو)یش لە پلەی سێیەم هاتون. ئەمەش بۆ فراوانیی بوارەکانو پێویستیی کۆمەڵ بە ڕۆژنامەنوسیی تایبەتمەند دەگەڕێتەوە. بڕوانە خشتەی (٨).

**خشتەی (٨): ڕۆژنامەنوسیی ڕانیە لە ڕوی جۆری تایبەتمەندییەوە**

| ژ | جۆری تایبەتمەندبونی چاپکراوە خولەکییەکە | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تایبەتمەند بە یادو بۆنەیەکی دیاریکراو | ١٢ | ٢٠.٦٨ | سێیەم |
| ٢ | تایبەتمەند بە بوارێکی دیاریکراو | ٣١ | ٥٣.٤٤ | یەکەم |
| ٣ | تایبەتمەند بە چینو توێژێکی دیاریکراو | ١٥ | ٢٥.٨٦ | دوەم |
| | **کۆی گشتی** | **٥٨** | **١٠٠** | |

**٨. ڕۆژنامەنوسیی ڕانیە لە ڕوی تایبەتمەند بە یادو بۆنەیەکی دیاریکراوەوە:**

لە ئەنجامەکانەوە ڕوندەبێتەوە، لە ڕوی تایبەتمەند بە یادو بۆنەیەکی دیاریکراوەوە، لە ڕۆژنامەنوسیی ڕانیەدا (ڕاپەڕینی ٥ی ئازاری ١٩٩١) پلەی یەکەمی گرتوە، ئینجا هەریەك لە: (مانگرتنی ١٩٩٢، کارەساتو ڕاپەڕینی ٤/٢٤، هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیی خوێندکاران)یش بە هاوبەشی پلەی دوەمیان گرتوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە شارەکە خۆی دەروازەی ڕاپەڕینی خەڵکی باشوری کوردستانەو ڕۆژنامەنوسانی شارەکەش بایەخی تایبەت بەو پرسو بۆنەیە دەدەن. بڕوانە خشتەی (٩).

**خشتەی (٩): رۆژنامەنوسیی رانیە لە روی تایبەتمەند بە یادو بۆنەیەکی دیاریکراوەوە**

| ژ | تایبەتمەندبونی چاپکراوە خولەکییەکە | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مانگرتنی ١٩٩٢ | ١ | ٨.٣٣ | دوەم/ د |
| ٢ | راپەرینی ٥ی ئازاری ١٩٩١ | ٩ | ٧٥ | یەکەم |
| ٣ | کارەساتو راپەرینی ٢٤/٤ | ١ | ٨.٣٣ | دوەم/ د |
| ٤ | هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیی خوێندکاران | ١ | ٨.٣٣ | دوەم/ د |
| **کۆی گشتی** | | **١٢** | **٩٩.٩٩** | |

**٩. رۆژنامەنوسیی رانیە لە روی تایبەتمەند بە بوارێکی دیاریکراوەوە:**

لە ئەنجامەکانەوە دەردەکەوێت، لە روی تایبەتمەند بە بوارێکی دیاریکراوەوە، لە رۆژنامەنوسیی رانیەدا هەریەك لە: (رۆشنبیری، تەنزو گاڵتەوگەپ) بە هاوبەشی لە پلەی یەکەم هاتون، پاشان هەریەك لە: (سیاسی، خزمەتگوزاری، مێژو و شوێنەوار)یش بەیەکەوە بە پلەی دوەم، و هەریەك لە: (خوێندنو پەروەردە، وەرزشی، ئایتی)یش لە پلەی سێیەم هاتون، و دواپلەش (سەربازی، زانستیو ئەکادیمی) گرتویانە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ کارایی رۆژنامەنوسانی رانیە لە بواری رۆشنبیریو تەنزو ساتیرداو لاکردنەوە لەو بوارە جێبایەخانە. بڕوانە خشتەی (١٠).

**خشتەی (١٠): رۆژنامەنوسیی رانیە لە روی تایبەتمەند بە بوارێکی دیاریکراوەوە**

| ژ | تایبەتمەندبونی چاپکراوە خولەکییەکە | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | سیاسی | ٣ | ٩.٦٧ | دوەم/ د |
| ٢ | رۆشنبیری | ٧ | ٢٢.٥٨ | یەکەم/ د |
| ٣ | خوێندنو پەروەردە | ٢ | ٦.٤٥ | سێیەم/ د |
| ٤ | وەرزشی | ٢ | ٦.٤٥ | سێیەم/ د |
| ٥ | تەنزو گاڵتەوگەپ | ٧ | ٢٢.٥٨ | یەکەم/ د |
| ٦ | سەربازی | ١ | ٣.٢٢ | چوارەم/ د |
| ٧ | خزمەتگوزاری | ٣ | ٦.٦٧ | دوەم/ د |
| ٨ | مێژو و شوێنەوار | ٣ | ٦.٦٧ | دوەم/ د |
| ٩ | زانستیو ئەکادیمی | ١ | ٣.٢٢ | چوارەم/ د |
| ١٠ | تەکنەلۆژیای زانیاری (IT) | ٢ | ٦.٤٥ | سێیەم/ د |
| **کۆی گشتی** | | **٣١** | **١٠٠** | |

**١٠. ڕۆژنامەنوسیی ڕانیە لە ڕوی تایبەتمەند بە چین‌و توێژێکی دیاریکراوەوە:**

ئەنجامەکان دەریدەخەن، لە ڕوی تایبەتمەند بە چین‌و توێژێکی دیاریکراوەوە، لە ڕۆژنامەنوسیی ڕانیەدا (خوێندکاران) لە پلەی یەکەمدا هاتوە، پاشان (لاوان) بە پلەی دوەم، و (منداڵان) لە پلەی سێیەم هاتوە، و دواپلەش هەریەك لە: (کرێکاران، زیندانییانی سیاسی) گرتویانە. ئەمەش بەڵگەی کارایی‌و زیندوێتیی توێژی خوێندکارو لاوانە. بڕوانە خشتەی (١١).

**خشتەی (١١): ڕۆژنامەنوسیی ڕانیە لە ڕوی تایبەتمەند بە چین‌و توێژێکی دیاریکراوەوە**

| ژ | تایبەتمەندبونی چاپکراوە خولەکییەکە | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | خوێندکاران | ٧ | ٤٦.٦٦ | یەکەم |
| ٢ | لاوان | ٤ | ٢٦.٦٧ | دوەم |
| ٣ | کرێکاران | ١ | ٦.٦٧ | چوارەم/ د |
| ٤ | منداڵان | ٢ | ١٣.٣٣ | سێیەم |
| ٥ | زیندانییانی سیاسی | ١ | ٦.٦٧ | چوارەم/ د |
| کۆی گشتی | | ١٥ | ١٠٠ | |

**١١. ڕۆژنامەنوسیی ڕانیە لە ڕوی تایپی بابەتەکانەوە:**

ئەنجامەکان ئەوە پێشاندەدەن، لە ڕوی تایپی بابەتەکانەوە، لە ڕۆژنامەنوسیی ڕانیەدا (تایپی کۆمپیوتەر) لە پلەی یەکەمدا دێت، دوای ئەو (چاپی دەستی) بە پلەی دوەم، و پاشان (دەستنوس) لە پلەی سێیەمدا هاتوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ساڵانی سەرەتای دوای ڕاپەڕینداو بەهۆی بارودۆخی نالەباری ئابوری‌و دەستڕانەگەیشتن بە ئامێرە پێشکەوتوەکانی بواری چاپەمەنی‌و ڕۆژنامەنوسی، ڕۆژنامەنوسان بە ناچاری‌و هاوشێوەی ڕۆژنامەنوسیی شاخ‌و نهێنی پەنایان بۆ شێوازی دەستنوس‌و ئامێری چاپی دەستی بردوە. بڕوانە خشتەی (١٢).

**خشتەی (١٢): ڕۆژنامەنوسیی ڕانیە لە ڕوی تایپی بابەتەکانەوە**

| ژ | لایەنی چاپەمەنیی چاپکراوە خولەکییەکە | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دەستنوس | ٦ | ٧.٥٩ | سێیەم |
| ٢ | چاپی دەستی | ٩ | ١١.٣٩ | دوەم |
| ٣ | تایپی کۆمپیوتەر | ٦٤ | ٨١.٠١ | یەکەم |
| کۆی گشتی | | ٧٩ | ١٠٠ | |

**١٢. ڕۆژنامەنوسیی ڕانیە لە ڕوی نەخشەسازییەوە:**

ئەنجامەکان دەریدەخەن، لە ڕوی نەخشەسازییەوە، لە ڕۆژنامەنوسیی ڕانیەدا (دیزاینی کۆمپیوتەر) پلەی یەکەمی وەرگرتوە، و دوای ئەویش (مۆنتاژی دەستی) بە پلەی دوەم دێت. ئەمەش مانای هاتنەکایەی تەکنەلۆژیای نوێیە لە بواری دەرهێنانی ڕۆژنامەنوسی‌و سودوەرگرتنە لە داهێنراوە نوێیەکان. بڕوانە خشتەی (١٣).

**خشتەی (١٣): ڕۆژنامەنوسیی ڕانیە لە ڕوی نەخشەسازییەوە**

| ژ | نەخشەسازیی چاپکراوە خولەکییەکە | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مۆنتاژی دەستی | ١٥ | ١٨.٩٨ | دوەم |
| ٢ | دیزاینی کۆمپیوتەر | ٦٤ | ٨١.٠١ | یەکەم |
| کۆی گشتی | | ٧٩ | ١٠٠ | |

**١٣. ڕۆژنامەنوسیی ڕانیە لە ڕوی ڕادەی بەردەوامبونەوە:**

ئەنجامەکان پێشانیدەدەن، لە ڕوی ڕادەی بەردەوامبونەوە، لە ڕۆژنامەنوسیی ڕانیەدا (وەستاو) بە ڕێژەی ڕەها لە پلەی یەکەمدایە، و (بەردەوام)یش بە ڕێژەیەکی زۆر کەمتر لە پلەی دوەمدا[*]. دەکرێ هەمان شرۆڤەی ئەنجامەکانی پێشو بۆ ئەم ئەنجامانەش بکرێ. بڕوانە خشتەی (١٤).

**خشتەی (١٤): ڕۆژنامەنوسیی ڕانیە لە ڕوی ڕادەی بەردەوامبونەوە**

| ژ | بەردەوامبون | دوبارەبونەوە | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەردەوام | ٣ | ٤.٢٧ | دوەم |
| ٢ | وەستاو | ٧٦ | ٩٦.٢٠ | یەکەم |
| کۆی گشتی | | ٧٩ | ١٠٠ | |

[*] ئەو چاپکراوە خولەکییانەی تاکو ئێستا بەردەوامن بریتین لە گۆڤارەکانی: (زانکۆی ڕاپەڕین، شمشارە، مەشخەڵی ڕاپەڕین).

**دەرەنجامەکان**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، و پاش دوای ئەنجامدانی ڕوپێوکاریی گشتیو ناخشیکاریی بۆ بابەتی سەرەکیی توێژینەوەکە لە سامپڵ و ماوەی دیاریکراویدا، پاشان شرۆڤەکردنیان، توێژەران بەم دەرەنجامانەی خوارەوە گەیشتن:

١. لە ڕوی چەندێتییەوە چاپکراوی خولەکیی ناوەندی قەزای ڕانیە بە بەراورد بە چارەگە سەدەیەك (٢٥ ساڵ) لە ئاستی پێویستو چاوەڕوانیدا نیە، و بە تێکڕا هەر ساڵێك کەمێك زیاتر لە سێ چاپکراوی بەردەکەوێت، بەڵام بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی خراپی سیاسیو ئابوریی کوردستانو لە بەرامبەر بزاڤی ڕۆژنامەنوسیی قەزاو ناحیەکانی تری کوردستان ڕەنگە ژمارەکە کەم نەبێت.

٢. زۆرینەی چاپکراوە خولەکییەکانی ناوەندی قەزای ڕانیە دەچنە خانەی (بڵاوکراوە)وە، ئەمەش بۆ کەمئەزمونیو ناپیشەییبونو کاریگەریی لایەنی دارایی دەگەڕێتەوە.

٣. ژمارەو ڕێژەی دەرچونی چاپکراوە خولەکییان لە سنوری ناوەندی قەزای ڕانیەدا بەپێی ساڵو قۆناغەکاندا گۆڕانکارییان بەسەرداهاتوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کاریگەریی بارودۆخی سیاسیو ئابوریی باشوری کوردستان بە گشتیو شارو ناوچەکە بە تایبەت لەسەر بوارەکە.

٤. لە ڕوی خاوەندارێتییەوە، ڕێکخراوە پیشەییو مەدەنییەکان پشکی گەورەی دەرچواندنی چاپکراوی خولەکییان لەو قەزایەو لەماوەی دیاریکراودا بەرکەوتوە.

٥. زۆرینەی چاپکراوە خولەکییەکانی سامپڵەکە (ڕۆژنامەنوسیی ڕا)ن، نەك (ڕۆژنامەنوسیی هەواڵو زانیاری)، بەوپێیەی زیارترینییان ساڵانەو وەرزانەو مانگانە دەرچوێنراون، لە بری ڕۆژانە یان هەفتەی چەند ڕۆژێك یان هەفتانە.

٦. (تەمەنکورتی)و (نەفەسکورتی) واتا دەرچونی کەمترین ژمارەو بەردەوامنەبون، دو تایبەتمەندیی دیاری ڕۆژنامەنوسیی ڕانیەن، ئەمەش بۆ دو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە: کەمئەزمونیو ناپرۆفێشناڵیی، کە هەم لە ڕوی پیشەییو هەم لەڕوی ڕێکلامو داهات پەیداکردنەوە نەیانتوانیوە بەردەوام بنو خۆیان بژێنن، هەروا دەستەبەرنەبونی سەرچاوەی پێویستو بەردەوامی دارایی.

٧. ڕۆژنامەنوسیی تایبەتمەند زۆرینەی سامپڵەکە پێکدێنن، لە نێو ئەو تایبەتمەندەشدا ڕۆژنامەنوسیی تایبەت بە بوارێکی دیاریکراو، و لەوەشدا بوارەکانی (ڕۆشنبیری، تەنزو گاڵتەوگەپ) بە پلەی یەکەم هاتوە.

٨. لە ڕۆژنامەنوسیی تایبەتمەند بە چینو توێژێکی دیاریکراو لە سامپڵەکەدا، (ڕۆژنامەنوسیی خوێندکاران) زۆرینە پێکدێنێت.

٩. لە ڕۆژنامەنوسیی تایبەتمەند بە یادو بۆنەیەکی دیاریکراو لە سامپڵەکەدا، (ڕۆژنامەنوسیی تایبەت بە یادی ڕاپەڕین) زۆرینە پێکدێنێت.

١٠. لە ڕوی هونەریو نەخشەسازییەوە، (دەستنوس، چاپی دەستی، مۆنتاژی دەستی) بەشێکی تاڕادەیەك دیاری سامپڵەکەی گرتوە.

**ڕاسپاردەکان**

لەژێر ڕۆشنایی دەرەنجامەکانیش، توێژەران چەند ڕاسپاردەیەك لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی ڕۆژنامەنوسیی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا بە گشتی، و ڕۆژنامەنوسیی ڕانیە بە تایبەت، دەخەنەڕو:

١. گرنگیدانی پتر بە لایەنی پیشەیی ڕۆژنامەنوسی لە سەرجەمی ڕوەکانەوە: شێواز، نوسین و سازاندن، زمانەوانی، ناوەڕۆك، نەخشەسازی، جۆر... تاد.

٢. هەوڵدان بۆ تایبەتمەندیی زیاتر لە چاپکراوە خولەکییەکانداو هاندانی ڕۆژنامەنوسان بۆ بەدەستهێنانی پسپۆڕێتی لە نوسین و سازاندنی ڕۆژنامەنوسییدا.

٣. زاڵبون بەسەر ئاستەنگە ئایدۆلۆژیو سیاسیو کۆمەڵایەتیو داراییو ...تاد-ەکان، و دورکەوتنەوە لە خۆنمایشکردن، و ڕاهێنانو خۆپەروەردەکردنی پتر لە بواری کاری ڕاگەیاندندا.

**پێشنیارەکان**

دوای پێشکەشکردنی دەرەنجام و ڕاسپاردەکانیش، توێژەران پێشنیاردەکەن:

١. توێژەرانی دیکە توێژینەوەی تایبەتی زانستی سەبارەت بە چاپکراوە دیارو تەمەندرێژو کاریگەرەکانی ڕۆژنامەنوسیی ڕانیە ئەنجام بدەن.

٢. توێژەرانی دیکە توێژینەوەی زانستی دەربارەی ڕۆژنامەنوسیی ڕانیە ئەنجام بدەن، لە سۆنگەی ئاستەنگەکانی بەردەم کاری ڕۆژنامەنوسانەوە.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: ئینسکلۆپیدیا:**

١. دەستەی نووسەرانی بریتانیکا، ئینسکلۆپیدیای بریتانیکا، (٢٠١٤)، نوسخەی ئەلکترۆنی، چاپنەکراو، ل١، لەم لینکە وەرگیراوە: http://www.britannica.com/topic/newspaper

٢. ڕەفیق ساڵحو عەبدوڵڵا زەنگەنە: ڕابەری ڕۆژنامەنووسیی کوردی، بەشی دوەم (١٩٣٩-١٩٥٧)، نوسخەی ئەلیکترۆنی، چاپنەکراو، ل٢، سایتی بنکەی ژین، لەم لینکە وەرگیراوە:

http://www.binkeyjin.com/Belgename.aspx?Cor=%DA٪٩٥٪DB٪٨٦٪DA٪٩٨٪D٩٪٨٦
.>(٢٩/١٢/٢٠١٥)<%D٨٪A٧٪D٩٪٨٥٪D٩٪٨٧٪E٢٪٨٠٪٨C%D٩٪٨٨٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٦٪DB٪٨C

**دوەم: توێژینەوە:**

٣. هێرش ڕەسوڵ: گۆڤاری پێنجی ئازار سەرەتای ڕۆژنامەگەریی ڕاپەڕین (١٩٩١-١٩٩٣)، توێژینەوەیەکە پێشکەشی بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، ٢٠٠٢، چاپنەکراوە، ل٢٥.

**سێیەم: کتێب:**

٤. جەمال خەزنەدار (نوسینو ئامادەکرن): ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی کوردی ١٨٩٨ - ٢٠١٠، پێداچونەوەو پوختەکردن: عەبدوڵڵا زەنگەنە، پێشەکی: فەرهاد عەونی، (هەولێر: سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان، ٢٠١١).

٥. د.سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: رۆژنامەنوسیی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان ١٩٨١ – ٢٠٠٥، (سلێمانی: رۆژنامەی "چاودێر"، ٢٠٠٨).

٦. سەنگەر زرار: بیبلۆگرافیای بڵاوكراوە وەرزشییەكان ١٩٨٥ – ٢٠١٢، (هەولێر: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپو بڵاوكردنەوە، ٢٠١٢).

٧. عبداللە زەنگنە: رۆژنامەنوسی كوردی لە كوردستانی دوای –راپەڕین– بەدواداچونێكی مەیدانی یە، (هەولێر: حكومەتی هەرێمی كوردستان– وەزارەتی رۆشنبیری، ١٩٩٨).

٨. نەوزاد عەلی ئەحمەد: شۆڕشی رۆژنامە.. رۆژنامەی شۆڕش، (سلێمانی: سەنتەری راگەیاندنی كۆمەڵەی خوێندكارانی كوردستان، ٢٠٠١)، ل٩١.

**چوارەم: دەستنوس:**

٩. مەحمود قادر فەرەج: مێژوی رانیە، چاپنەكراوە.

**پێنجەم: رۆژنامەو گۆڤار:**

١٠. رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوكراوەكانی ناوەندی قەزای رانیە (١٩٩١ – ٢٠١٥).

١١. زنار (گۆڤار)، وتوێژ لەگەڵ مامۆستا ئیبراهیم رەمەزان، سازدانی: جوتیار تۆفیق هەورامی، ژمارە (١٣)، كانونی یەكەمی ٢٠٠٧.

١٢. هێرش رەسوڵ: "زنار" چۆنەو چۆن بێ باشە؟، گۆشەی (گوزارشت)، زنار (گۆڤار)، ژمارە (١٢)، تشرینی دوەمی ٢٠٠٧.

١٣. هێرش رەسوڵ: دەنگی راپەڕین یەكەمین ئێزگەی ناوخۆیی، كوردستانی نوێ (رۆژنامە)، ژمارە (٢٧١٨)، ساڵی یانزەهەم، دوشەممە ٢٠٠٢/٤/١.

١٤. هێرش رەسوڵ: رۆژنامەی رۆژانەی (مانگرتن) ١٠ بۆ ١٩٩١/١٢/١٤ – رانیە، رانیە (گۆڤار)، ژمارە (٥)، ئابی ٢٠٠٣.

# الصحافة المحلية في جنوب كوردستان
## (مركز قضاء رانية/ ١٩٩١ - ٢٠١٥ أنموذجاً)

**الملخص**

يتناول هذا البحث موضوعاً قلما تناولته الباحثين في بحوثهم وكتاباتهم عن الصحافة في جنوب كوردستان، أي الصحافة المحلية، رغم حضورها الواقعي والفعال في بعض الفترات التأريخية، كما حدث في آذار ١٩٩١.

وتبرز أهمية هذا البحث من تناوله لإحدى تلك الصحافات المحلية غير المتناولة، وهي الصحافة في قضاء رانية التي شهدت حركة صحفية واضحة المعالم إلى حد ما في آذار ١٩٩١، والتي أهملها الباحثون الكورد، إذ أنهم إنشغلوا بالمدن الكبرى وما جرت وتجري فيها من الأنشطة الصحفية المختلفة.

أما مشكلة البحث فقد عرضها الباحثان من خلال الأسئلتان التاليتان:

أ. كم عدد تلك المطبوعات الدورية التي تم اصدارها لمدة ٢٥ سنة بعد إنتفاضة (١٩٩١ – ٢٠١٥) وما نسبتها في داخل رانية؟

ب. ما مستوى الصحافة في رانية للمدة المحددة للبحث حسب (النوع، الملكية، سنة الإصدار، وقت الإصدار، عدد الإصدار، مستوى الإستمرارية، التخصص، نوع التخصص، الجوانب الفنية والطبع والتصميم) للمطبوعات الدورية؟

وتتمثل أهداف هذا البحث في نقطتين:

أ. التعرف على عدد تلك المطبوعات الدورية تم اصدارها لمدة ٢٥ سنة بعد إنتفاضة (١٩٩١ – ٢٠١٥) في داخل رانية ونسبتها.

ب. كشف مستوي الصحافة في رانية للمدة المحددة للبحث حسب (النوع، الملكية، سنة الإصدار، وقت الإصدار، عدد الإصدار، مستوى الإستمرارية، التخصص، نوع التخصص، الجوانب الفنية والطبع والتصميم) للمطبوعات الدورية.

ويعد هذا البحث من حيث النوع بحثاً وصفياً، ولتحقيق أهدافه أُستعين بمنهج (تحليل المضمون).

وتتكون هيكلية البحث من المباحث والمحاور الآتية:

أولاً: الإطار المنهجي للبحث:

حاول الباحثان في هذا المبحث ان يوضحوا: (أهمية البحث، مشكلة البحث، أهداف البحث، النوع البحث ومنهجه، صدق الظاهري، الثبات، التحليل الإحصائي المستخدم، المفاهيم والمصطلحات).

ثانياً: الإطار النظري للبحث:

من هنا وبالأعتماد على مجموعة من المصادر العلمية، يتناول الباحثان المواضيع الرئيسية الآتية: (الصحافة المحلية في جنوب كوردستان، بدايات الصحافة في رانية، الدور الريادي لرانية في الحركة الصحفية مابعد الإنتفاضة).

**ثالثاً: الجانب العملي:**

وهو المبحث الأخير من البحث، الذي يتضمن مجموعة محاور:(ملخص عن عينة الدراسة، تحديد وحدات وفئات التحليل، نتائج تحليل المضمون).

**رابعاً: الخاتمة:**

وفي خاتمة البحث جاءت (الإستنتاجات)، ومن أبرزها:

أ. من الناحية الكمية، فإن المطبوعات الدورية الصادرة قي مركز قضاء رانية خلال ربع قرن (٢٥ سنة)، لم تكن في المستوى المطلوب.

ب. تعد أغلبية مطبوعات الدورية لمركز قضاء رانية من صنف (المنشورات العامة)، ذلك نظراً لقلة الخبرة والضعف في الجانب المهني، فضلاً عن تأثيرات الضعف المادي والمالي.

**The local press in South Kurdistan**
**(Center of Raniya, ١٩٩١-٢٠١٥, as a case Study)**

This study deals with a topic, which researchers have paid a little attention to it in their studies; the topic is the study of “local press”, which has effective presence during historical period of ١٩٩١- March Uprising. The main focus of this study is discussing one of the local Press topics which are “analyzing Press in Rania City,” which was a good start for print journalism since ١٩٩١, and Kurdish researchers were careless towards this topic.

The state of problem for this study is set by the researchers of this study in dealing with these two main questions:

A. Calculating the number and ratio of these printed periodicals during the last ٢٥ years after the uprising during (١٩٩١-٢٠١٥) how many were in Rania?

**B.** Declaring the level of press in Rania in a specific period, in terms of (type, ownership, year of release, time of release, version number, the level of continuity, specialization, type of specialization, technical aspects, printing and design) for periodical publications.

This study is considered as a "descriptive study" and depending on “content analysis” in this regard will carry out the practical side of this study, the researchers will discuss and select the discussions.

The structure of this study includes the introduction, and the following headings:

**First: The methodological framework for the study:**

In this section the researchers tried to give explanation to the following topics including: (the importance of the study, the study problem, the study objectives, the type of study and approach, the field of the study, the virtual sincerity, consistency, and statistical analysis of user, concepts and terminology).

**Second: The theoretical framework of the research:**

Here, theoretically and by referring to some of the scientific sources, the following main topics are highlighted: (local press in Southern Kurdistan, the beginnings of the press in Rania, Rania's leading role of the press in post-Uprising).

**Third: the practical side:**

Which is the last section of the study, which includes those topics: (summary of the study sample, determine the units and categories of analysis, the results of content analysis).

**Fourth: Conclusion:**

In conclusion, the following most related results are discussed:

A. In quantitative terms, the periodicals issued in the quarter of the century (during the ٢٥ years), do not meet the required expectations, annually it can be relatively more than ٣ publications, but by considering the economic and political situation of Kurdistan region in the case of Press comparing to the other cities and districts, it may not be less than them.

B. The majority of the periodic publications of Rania can be categorized as (publications), this resulted from lack of experience, unprofessionalism in press, and the effect of financial will-being.